# گێژاوی سیاسی بزوتنەوەی باکوری کوردستان بەرەو ڕێگایاکی نادیارەوە ملدەنێ

**هیوا عبداللە-بلجیکا**
Hiwa.Abdullah@gmail.com



لە کاتێکدا کە کێشەی کورد پەیتا پەیتا دەبێتە کێشەیەکی گەورەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان بەگشتی، بەرپرسیارێتیەکی گران دەکەوێتە سەر ئەستۆی هەموو کوردانی هەرچوار بەشی کوردستان و دەرەوە بە هەموو چین و توێژو پێکهاتەو کەسایەتیە جیاوازەکان، کەچی بزاڤی سیاسی کوردستان لە بەشە جیاجیاکان نەك خۆیان بەپێی ئەو هەنگاوە نوێیانە ئامادە ناکەن و بەرپرسیارێتی خۆیان جێبەجێ ناکەن، بەڵکو لە هەندێك کاتو شوێندا بەپێچەوانەی ئەوە دەجولێنەوە.

لە کاتێکدا کە گەلی کورد لە باشوری کوردستان سەرقاڵی ململانێی گەرانتی کردنی دەستکەوتە نەتەوەیی و دیموکراسیەکانیەتی، لە کاتێکدا کە پرۆژەی کوردستانی فیدرال هێشتان کەلێنی تێدایەو، هێزە دراوسێکان ئاستەنگی گەورەگەورە لەبەردەم کێشەی کەرکوك بەمەبەستی نەگەڕاندنەوەی بۆ ناو باوەشی هەرێمی کوردستان ساز دەکەن، لە کاتێکدا کە تورکیا بە ئاشکرا هەڕەشە لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە باشوری کوردستان دەکات، لە کاتێکدا کە مشتومڕی ئێران و ئەمریکا لەسەر بەرهەمهێنانی چەکی نوکلەری و دەستێوەردانی عێراق گەیشتۆتە لوتکەو لەسەر تەقینەوەیە، بەئاشکرا دەگەینە ئەو ئەنجامەی مەگەر لە ڕێگای پرۆژەیەکی هاوبەش و گشتگیرانە بتوانین بگەینە ئەنجام، کە دوور بێ لە هەستی خۆ بەزلزانین و پارچەگەری بەرژەوەندی تەسکی هەرێمی، چەندین ساڵە لە ڕێگای نوسین و دیالۆگەوە خەباتێکی بێ وچان دەکرێ بۆ ئەوەی کەسایەتیە سیاسیە ناودارەکان و حزبە سیاسیەکان بگەن بەو ئاستە، ئەگەر بە ڕاشکاوانەتر قسە بکەم، ماوەیەکی درێژ کارو خەبات و تێکۆشان کراو ڕەخنە ئاراستەی بزوتنەوەی سیاسی باشوری کوردستان کرا لەسەر ئەو هەڵوێستانە، ئێستا پیاوە سیاسیەکانی باشور بە ئاشکرا هەنگاوێك دێنە پێشەوەو، هەوڵی تێپەڕکردنی ئەو هەڵوێستو سیاسەتە کۆنانە دەدەن کە پێشتر هەیان بوو، ئەگەرچی ئەوە سەرەتایەکەو بەس نیە، بەلاّم ئەم جارەیان بزاڤی سیاسی باکوری کوردستان و ژن و پیاوە سیاسیەکانیان بۆ ئەمە ئامادە نین. لێرەدا من نامەوێ بەتەنیا باسی ئەوە بکەم کە کێ گوتاری باش بەکاردێنێت و کێ بەکاری ناهێنێ، گوتاری باش بە جێگای خۆی، خۆی لە خۆیدا چەند کەسایەتی و گروپێکی بچوك هەن مالپەرو ڕۆژنامەکانیان پڕکردووە لە گوتاری سیاسی، بەبۆنەی خەتەنەکردنی کوڕی فالاّن کەسو فیسار کەسیش لێدوانێك دەنوسن وەکو ئەوەی بلێی ئەوانە کارییان سیاسەتو بەرهەمهێنان نەبێ، لێدوان نوسین بێ، لە هەمووی گرینگتر خۆئامادەکردنە بۆ ئەو هەنگاوە چاوەڕواننەکراوانەی ئەگەر لە داهاتودا هاتنە بەردەممان نەك بەتەنیا

گوتار، واتە بەتەنیا "ئێمە کوردی باکور پشتگیری لە کوردی باشور دەکەین و کوردی باشور پشتگیری لە کوردی باکور دەکەین، جەنابی سەرۆك چاوەڕوانی فرمانی بەرێزت دەکەم" بەس نیە ئەگەر هاتوو بزاڤە سیاسیەکان یان کەسایەتیە سیاسیەکان لە شتی دیکە بیر بکەنەوەو کاتێ دەچنە ئەنکەرەو بەغدا پلان و ووشەی دیکە بگەیەننە گوێی دەستەلاتدارانی هەردوو دیو.

لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێز "مەسعود بارزانی" و وەزیری ڕۆشەنبیری حکومەتی کوردستان بەرێز "فەلەکەدین کاکەیی"م خوێندەوە، دەربارەی هەڵوێستەکانی تورکیا لەمەڕ کەرکوك و بزاڤی سیاسی کوردی گوتم ئەوە خەریکە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەیان ساڵە خەباتێکی ڕۆشەنبیری بۆ دەکەین، کە سەرەتا سنورەکان لە فکرو ڕامانماندا لابەرین، ئینجا باسی سنورەکانی دیکە بکەین، کەچی چومە دیوەکەی دیکەی کوردستان تەماشام کرد حیسابی ماڵو بازاڕ نەك لەیەکتری دووره هەر زۆر جیاوازیشە.

ڕۆژی 29-01-2007 ڕۆژنامەی حورییەتی تورکیم خوێندەوە، گوتم با بزانم ئەم جارە سەرانی کۆشکی ئەنکەرەو چانکایا چیان لەسەر کەرکوك گوتووە، یەك بە یەکی لاپەڕەکانم هەڵدایەوە، هیچی وام نەبینی، کەچی بەوردی تەماشام کرد ڤۆکان تورەنجی نوسەری تورك بابەتێکی بەناوی "**دروشمی ئێمە ئەرمەنین لەیلازاناى هەژاند**" بلاوکردۆتەوە، چومە ناو ڤولایی بابەتەکە نوسەر لەسەر زاری سەرۆك شارەوانی مەڕمەڕە "ئاکان سوڤەر" ڕادەگەیەنێ و بەو شێوەیە دەدوێ:

"لە هۆڵی مەڕمەڕە کۆبوینەوە، لەیلازاناو ئۆرهان دۆغانی هاوڕێی زیندانی هاتنە لام دانیشتین و دوای بەخێراتن کەوتینە ناو قسەو باسی سیاسی و باسی ڕاپەرینی 120 هەزار ئەرمەنیمان کرد کە لە هەمان شار بەبۆنەی کوشتنی ڕۆژنامەوانی بەرەگەز ئەرمەنی "هرانت دینك" لەلایەن لاوێکی تورکەوە ئەنجامیان دابوو، ئەو کاتە ئەو 120 هەزار کەسە بە دروشمی ئێمە هەمووەمان ئەرمەنین پێشوازیان لە تەرمی ناوبراو کردبوو، لەیلازانا یەکسەر هاتو گۆو گوتی: (دروشمی ئێمە هەمووەمان ئەرمەنین منی زۆر ناڕەحەت کرد، باشە ئەگەر منیش بڵێم من کوردم ئەوا چی دەبێ؟ ئەو دروشمانە بێ مانان و هەڕەشەیەکن بۆ سەر ئاشتی)، من ئەو کاتە هیچ قسەم نەکردو کە هاتینە دەرەوە بە لەیلا زاناو ئۆرهان دۆغانی هاوڕێم گوت نەمدەزانی بۆچونی ئێوە بەو شێوەیەیە، ئۆرهان دۆغان گوتی ئەفەندم ئێمە لەسەرەتادا وا بیر دەکەینەوە".

هەرچەندی سەرم هێناو سەرم برد هیچم بۆ دەرنەکەوت، گوتم تۆ بڵێی من هەڵە نەبم ئەرمەنیەکان ڕۆژنامەوانێکی تورکیان نەکوشتبێت و سەرەڕای ئەوەش غروری تورکەکانیان شکاندبێ و گوتبیان ئێمە هەمووەمان ئەرمەنین؟ پاشان بیرم لێی کردەوەو نەمن هەڵەم و نە ئەرمەنیەکان ئەو هێزەن، گوتم با لێی گەڕێم لەوانەیە ڕۆژنامەی حورییەت و ڕۆژنامەوانی نزیك سوپای تورکیا "ڤۆکان تورەنج" درۆی کردبێ، هەڵسام کەسێکی نزیك لەیلا زانا کە پێشر دەمناسی ئاگادار کردەوەو گوتم ئەگەر ئەو نوسینە ڕاست نیە دەتوانن وەڵامی بدەنەوە و یەك هەفتە چاوەڕێم کرد، کەچی نە وەڵامی من درایەوەو نە هی ئەو نوسینە.

ڕۆژی 05-02-2007 هەواڵێکی ترم لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی "دتپ" پێ گەیشت کە ئەو ڕێکخراوە کەوتونەتە خۆو، شەڕێکی گەورە لەسەر دەستەلات کەوتۆتە نێوان کادرە کۆنەکان و کادرە تازەکانی ئەو پارتە گەیشتۆتە ئاستی لەتبوون بۆ دوو بەشەوە، هەر بۆیە سەرۆکایەتی ئەو پارتە بڕیاری داوە لە ڕێککەوتی 28-02-2007دا کۆنگرەیەکی نائاسایی ببەسترێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ئەوە لە کاتێکدایە کە هەمووی شەش مانگ بەسەر کۆنگرەی ئاسایی ئەو پارتە تێنەپەڕیوە و چەند مانگێك بۆ

هەڵبژاردنی گشتی تورکیا ماوە، کە هەموو کوردان چاوەڕێی ئەوەن لە ڕێگای ئەو پارتەوە، چەند نوێنەرێکیان بگەیەننە ئەنجومەنی کۆماری تورکیا و دەست بە شەڕی دیموکراسی بکەن، کەچی ئەوەی دەرکەوت نەك ئەو پارتە ئامادە نیە بۆ هەڵبژاردن و کادرەکانی سەرقاڵی شەڕی دەستەڵاتن کرمانج گوتەنی "ئاغای حەفت گوندێ ڤالا" بەڵکو هێشتانیش بیر لەوە دەکەنەوە جارێکی دیکەش لەگەڵ چەپەکانی تورکیا هاوپەیمانی ساز بکەن بۆ هەڵبژاردنی گشتی تورکیا کە بڕیارە لە مانگی 11ی ئەم ساڵ ساز بکرێ.

لێرەدا نامەوێ سەر لە خوێنەری بەڕێز بشێوێنم و هەڵوێستی لەیلازاناو ئۆرهان دۆغانی هاوڕێی لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی تێکەڵ بکەم کە ئەوان دوو کەسایەتی سەربەخۆن و هیچ پەیوەندیەکیان نە لە دور و نە لە نزیکەوە بەو پارتەوە نیە، وە نامەوێ سوکایەتی بە هیچ کەسو سومبولێك بکەم، بەلأم بە ڕاشکاوی دەمەوێ پەردە لەسەر ئەو کولتورو نەریتیە سیاسیە کۆنە هەڵدەمەوە کە ڕەگوڕیشەکەی لە کەمالیزم دێ، ئەویش قودسیەتدانی موتڵەقە بە کەسەکان، وا دیارە ئەوە کولتورێکی باوی نیوەی جیهان و وڵاتانی موسوڵمانە بە کوردستانیشەوە، بەلأم لە باکوری کوردستان ئەو کولتورە ڕەهاییەکی وا بەخۆیەوە دەبینێ کە دەستبردن بۆی بڤەیەکی گەورەیە، ئەوەش کاتێك گەیشتە ڕادەی تەڤینەوە خەڵکی بێ ئومێدو هیوا دەکات، بۆیە لەو چوارچێوەیەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم خەباتو تێکۆشان و شەونخونی ئەو کەسانە بە جێگای خۆی بەلأم ئەوە واتای ئەوە نیە پریشکی ڕەخنە پێیان ناگات و هەتا هەتایە هەروا دەمێننەوە. لەوەش گرینگتر نەبونی پڕۆژەیەکی سیاسی ڕێکوپێکو دودڵی و ئاڵۆزی فکری و سیاسی، هەم ئەو زەمینە لەبار دەبات کە لەئارادایە، هەم بزاڤی سیاسی باکوری کوردستان بەڕاستو چەپەوە هەڵدەوەشێنێ و لەبەینی دەبا. ئەو کەسانەی بەوردی چاودێری پێشکەوتنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان دەکەن دەبینن کە تورکیا لەناو کاووسێکی گەورەدایە، لەلایەك چاوەڕوانی پەلاپیتکەی ئەمریکایە کە لە عێراق و لە دژی ئێران هەڵوێستێکی چۆن نیشان دەدات، لە ئاستی ناوخۆدا ئەگەر چی پارتی دەستەلأتداری دادوگەشەپێدان لەگەڵ سوپای تورکیا لەزۆر بواردا ناکۆکیان هەیەو ناگونجێن بەیەکەوە بەلأم لەو ماوەیەدا ئەوە بە دیار دەکەوێ کە لەباکوری کوردستان ڕێکخستنی "حیزبولا" پەرە دەسێنێت و هەوڵێکی بێ وچان دەدا بۆ بەهێزبوونی و هیچ کەسێك تا ئێستا ئاستەنگی لەبەردەمدا ساز ناکات، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە لەلایەك لەبەرانبەر ئەگەری ڕادیکاڵبونی "پ ك ك" لە داهاتودا بەکار دێت و لەبەرانبەر دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشوری کوردستان ڕۆڵی مەتەڵ دەبینێ، لە ڕۆژانی ڕابردودا چەند هەواڵێك دزەیان کردە ناو چاپەمەنی تورکیا، گوایە سەرفەرمانداری سوپای تورکیا سەرقاڵی ئامادەکردنی بازاڕێکە لەگەڵ ئەمریکا، کە ئەگەر هاتو ئەمریکا جەنگی لەبەرانبەر ئێران بەرپا کرد ئەوان ئامادەن ڕۆڵی سەربازی پێشەنگ ببینن لە پێناو ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران لەبەرانبەر ئەوەشدا دەبێ ئەمریکا دان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەزەریەکاندا بنێ و کەرکوکو موسڵ بکەوێتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی تورکیا، بۆ ئەوە دەگوترێ کە تورکەکان داوای 35 ملیار دۆلاریان کردووە وەك پێشەکی و ئەمریکاش ئەوەی وەك "بازرگانی هەسپەکان" بەناو کردوەو پەسەندی نەکردووە. ئەگەرچی ئەوانە هەر هەمووی سیناریۆی وڵاتانی زلهێزی ناوچەو جیهانن کامیان کەی و چۆن جێبەجێ دەبن دیار نیە، بەلأم هەر لەم ڕۆژانە پڕۆژەی بەرهەمهێنانی فڕۆکە لە نێوان تورکیا و ئەمریکا مۆرکرا، بۆیە ناکرێ ئەو هەموو بازرگانیانە هیچ حیسابێکیان بۆ نەکرێ، لە هەمووشی گرینگتر تورکیاش دەزانێ ستراتیژی پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریکا کۆتاییەکەی دەگاتە ئاستی پارچە پارچەکردن و بێهێزکردنی وڵاتانی گەورەی ناوچەکە بەتایبەتی عێراق، ئێران

و توركيا، بێ گومان مەرج نیە هەموو پرۆژەکانی ئەمریکا جێبەجێ ببن وەك خۆی، کێشەکە ئەوە نیە، کێشەی گەورە ئەوەیە کە ئامادەکاری کورد بەگشتی و بزافی سیاسی باکوری کوردستان بەتایبەتی لەو ئاستەدانیە و وەلأمی ئەو هەموو پێشهاتو ئەگەرانە ناداتەوە، کێشەی ئایدۆلۆژی و کێشەی دەستەلأتی لۆکالّی ڕێگا بەوە نادات بگەین بەو ئاستە، سوپای توركيا ئامادەکاری ئەوە دەکات کۆتایی بە دەستەلأتی تاکە پارتی بێنێ لە توركيا چاودێران پێیان وایە ئەمجارە حکومەتێکی هاوبەش لە پارتی دادو گەشەپێدان، پارتی کۆماری گەل و پارتی نیشتیمانی دایك، پێکدەهێندرێ، وە سەرۆك وەزیرانی توركيا "ڕەجەب تەیب ئەردۆغان"یش ئامادەکاری بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆك کۆماری دەکات، بەلأم لێرەدا بزافی ئازادی باکوری کوردستان بە نیازی چیەو چی دەکات؟ هێشتان دیار نیە. بەر لە دەستگیرکردنی بەڕێز ئۆجالان، ئەو بزافە پرۆژەیەکی بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێبوو، ئەو پرۆژەیە چەند لە جێگای خۆی بوو، چەند واقعبینانە بوو، هەلّومەرجی ئەو کاتە چۆن بوو ڕاست بوو یان چەوت؟ ئەو پرسیارانە کاتی جیاوازیان دەوێ و بەشێکی زۆریشیان وەلأمیان وەرگرتۆتەوەو تەنانەت پارتی کرێکارانیش بەخۆی لەو بارەیەوە ڕەخنەی خۆی داوە، بۆیە ناکەوینە ناو ئەو مەسەلەیە، بەلأم ئەوەی گرینگە ئێستا چی و چۆن و چیمان دەوێ؟ ئەگەر ڕاست دەکەن دەیانەوێ کێشەکە لە چوارچێوەی توركيا چارەسەر بکەن و بۆ ئەوەش ئامرازی شەڕی دیموکراسی و خەباتی پەرلەمانتاری بەکاردێنن کوانێ ئامادەکارییەکان لە چ ئاستێکدان؟ ئەوە ڕوون نیە و جگە لەوانەش دەمارگرژی ئایدۆلۆژی، دەستبەرنەدان لە قودسیەتی تاکەکەسی، کێشەی دەستەلأت گەورەترین کێشەن کە ڕێگا نادات کوردانی ئەو بەشەی کوردستان خیتابێکی هاوبەشیان هەبێ هەم بەڕووی کورد و توركيا، هەم بەڕووی جیهان. جا لە ڕەوشێکی وادا ڕۆژێك ئەوەم دەوێ و ڕۆژێك شتێکی دیکە، یان لایەنێك ئەوەی دەوێ و لایەنەکەی دیکە شتێکی دیکەی دەوێ جگە لە گێژاو هیچ ئەنجامێکی دیکەی لێناکەوێتەوە.

کێشەی کورد لە توركيا بەهۆی تایبەتمەندی جیۆپۆلتیکی و ڕۆلّی مێژوویی و ئێستای توركيا لە جیهان و گرنگی بۆ خۆرئاوا جیاوازترە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەو کێشەیە ئەگەر بەشەڕیش بێ کۆتاییەکەی هەر ئاشتیە، ئەگەر بێ شەڕیش بێ هەر ئاشتیە، بەلأم بە داخەوە بزافی سیاسی باکوری کوردستان بە هەموو ئەو ڕێکخراوە لەگالو نالەگالانەی کە لەمەیداندا هەن و وجودیان هەیە، پەیڤی ئاشتیان کردۆتە بنێشت لە دەوی خۆیاندا دەیهێنن و دەیبەن لەوەش زیاتر هیچ پرۆژەیەکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێ نیە، کەچی کەسانی تاڕەدەیەك شارەزاش دەزانن کە چۆن چەپلّە بە دەستێك لێنادرێ ئاشتیش بەبێ ئامادەگی لایەنی بەرانبەر مەحالّە، هەموو کەسیش ئەوە ئەزانێ کە توركيا لە ڕۆژی ئەمڕۆدا ئامادە نیە ئاشتیەکی بە هۆنور لەگەلّ کورددا مۆر بکات و نایەتە ناو ئەو بازنەیە و بە کۆتایی سەروەری و مێژووی خۆی دەبینێ. بۆیە پێویست ناکات ئەو کەسانەی کە بونەتە سومبولّی بەرخۆدان و ڕەمزی تێکۆشان لەو ڕێگایەوە کۆتایی بەخۆیان بێنن، لێرەدا مەبەست بچوککردنەوەی خەباتی لەگال و پەرلەمانتاری و خەباتی دیموکراسی نیە، بەلّکو نیشاندانی ئەو لاوازیانەیە، هەر لایەنێك ئەگەر بە شێوەیەکی پارچە پارچەو لاواز و بلأوو سوربێ لەسەر ئاشتی، یان لەژێر ناوی ئاشتی بگەڕێتەوە بۆ بەرگری کردن لە سیستەم ئەوە جگە لە کۆتایی هێنان هیچ شتێکی دیکە چاوەڕێی ناکات. بۆ ئەوە پێویستە بزافی سیاسی باکوری کوردستان بەگشتی جارێکی دیکە و لە پەنجەرەیەکی دیکە تەماشای گۆڕانکاری و پێشهاتەکان بکات و کۆتایی بە هەلّوێستی دەمارگرژی ئایدۆلۆژی چەپ و ئەو هەلّوێستانە بێنێ کە لە ژێر ناوی دیالۆگ و ئاشتی ئەگەری خۆبەدەستەوەدان و کۆتایی هێنانیان لە پێشە، پێویستە پارتی

کۆمەڵگەی دیموکراتی سوربێ لەسەر تێکۆشانی دیموکراتی جەماوەری فرەلایەن و فرە چین و توێژ بەبێ بەبنەما وەرگرتنی جیاوازی ئایدۆلۆژی و ڕەنگەکانیان، نابێ تا ئەو ڕادەیە پێداگری لەسەر هاوپەیمانی نێوان کورد و چەپەکانی تورك بکرێ کە کۆتاییان پێهاتوە، باشتر وایە لەم ماوەیەدا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەوڵی بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ کەسایەتیە نیشتیمانی و ئایینی و سەرۆك عەشیرەتەکان بدات، ئێمە سەر بە چ قوتابخانەیەکی ئایدۆلۆژی فکری دەبین با ببین، گرینگ نیە گرینگ ئەوەیە دەبێ بزانین ئێمە لەناو پێکهاتەی کوردستاندا دەژین، کۆمەڵگای کورد تا ئێستاش کۆمەڵگایەکی خێڵەکی، بنەماڵەیی، هەرێمی و ئایینیە، جا ئەو پێکهاتە ئایینی و ئێتنیکیانەی باکوری کوردستان زیاترن لە بەشەکانی دیکە، وەك ئێزیدی، عەلەوی، موسوڵمان، کاریگەری ئایینی ئیسلام زۆرە، بۆ ئەوەی ئیسلام دیموکراتیزە ببێ پێویستە کەسایەتیە ئیسلامیەکان بەهەند وەرگیرێن و لەلایەن کوردەوە بانگهێشت بکرێن نەك پارتی دادو گەشەپێدان یان ئەو ڕێکخراوەی کە بەناوی حیزبولاّ کە لە کوردستان سەری هەڵداوەتەوە، هەروەها دەبێ ئەوە بزاندرێ کە ژمارەیەکی زۆری عەشیرەتە کوردەکانی باکوری کوردستان چەکداری دەوڵەتن و دژی گەریلاکان چەکیان لە دەست دایە، دەبێ سیاسەتێکی گونجاو لەبەرانبەریان پەیڕەو بکرێ، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ڕێگایە بێنن و بێنە ڕێزی خەباتی جەماوەری، بۆ ئەوە خوێن ساردی و دورکەوتنەوە لە هەڵوێستی پڕ لە هەستو سۆز گرینگە، زۆر جار کە باسی ئەو شتانە دەکرێ ئەڵێن ئەو کاتە کەس دەنگی خۆی بەکار ناهێنێ من پێموایە بە پێچەوانە ئەگەر هاتو لەگەڵ ڕێکخراوێکی چەپ کە 30 ساڵە کۆتایی پێهاتوە پەیمانت بەست کەس دەنگت پێنادا، بەلاّم کەسایەتیە جیاوازەکان ئەگەر هاتو لە لایەن جەماوەری "پ ك ك"ەشەوە دەنگیان پێ نەدرا ئەوا کەسی خۆیان هەیە دەتوانن ببنە نوێنەری ئەوان. وا دیارە ئەو هەموو ئەرکانە هەروا ئاسان نین، بەلاّم شتێك نین کە نەکرێن، ئەگەر هاتو واز لە دەمارگرژی ئایدۆلۆژی و دەستەلاّتی ڕەهاو سیستەمی تاك سەرۆکایەتی هێنرا، ئەوەش خۆی لە خۆیدا بریتیە لە پرۆژەی ئاشتەوانی نەتەوەیی، واتە ئەو لایەن و کەسایەتی و عەشیرەت و پێکهاتە ئایینیانەی کە بە هۆی جۆراوجۆری وەك خوێن، فکری، چینایەتی ناکۆکیان لە نێواندا هەبوە ئاشت ببنەوەو لەیەکتری ببورن، ئەو کاتە گەورەیی و قودسیەتی سەرکردەکان و کەسایەتیەکان بەردە دەکەوێ.

سەرچاوەکان:


-ڕۆژنامەی حوریيەتی ژمارە 29-01-2007-ڤۆکان تورەنج

-ڕۆژنامەی ئاکشام ژمارە 31-2/02-2007-02-2

- پەیامنێر 2-02-2007

- مێدیا- فەلەکەدین کاکەیی